## شێعرێکی زێوەر بۆ ناودارانی ناوچەی بۆکان

عەبدۆللا بەگی زێوەر(١٨٧٥ ــ ١٩٤٥) ماوەیەک لە سلێمانییەوە پەڕیوەی موکریان بووە و لەوێ ژیاوە، ئینجا لەوێوە چۆتە ئەستەموڵ. هەر لەو ماوەیەدا ئەم شیعرەی هۆندۆتەوە و بۆ یەک لە گەورە پیاوانی ناوچەکەی ناردووە، کە نەمر مامۆستا ئیبراهیم ئەفخەمی لە کتێبی "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان- بوکان"، لاپەڕە ٦٢٢ دا دەڵێت ئەو کەسە حاجی عەبدولڕەحمان بەگی ئێلخانی - کەسایەتی ناسراوی فەیزۆڵڵابەگی ناوچەی بۆکان و سەقز بووە. زیوەر لە شێعرەکەدا داوای 'خەرقە' یەک لە بەرگۆی شێعرەکە دەکات.

بەگوێرەی ئەفخەمی، زێوەر ئەم شیعرەی لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) دا نووسیوە. مامۆستا ئەحمەدی قازیش لە دیوانی سەیفولقوزاتی قازی (١٨٧٦-١٩٤٥) دا دوو فەرد شێعری سەیف و حاجی عەبدولڕەحمان بەگی چاپ کردووە کە بۆ یەکتریان نووسیوە و گوتوویەتی حاجی عەبدولڕەحمان بەگ خاوەن موڵکی گوندی قەرەگوێز بووە کە ئەودەم سەر بە بۆکان و ئێستا هی سەقزە. بەم پێیە دەبێ عەبدولڕەحمان بەگیش هەر لەو سەردەمانەدا ژیابێت کە سەیف ژیاوە. بە گوێرەی شەجەرەنامەیەک کە کاک ئێرەج ناهید لە لاپەڕە ٤٧ ی کتێبی "نظری به خانواده عبدالرحمن بیگ مکری" دا چاپی کردووە، عبدالرحمن کوڕێ بوداق خانە و بە ٤ پشت دەگاتەوە سەر بوداق سوڵتانی موکری.

شیعرەکە ناوی هەندێک کەسایەتی ناوچەی بۆکانی تێدایە و هەربۆیەش لێرەدا دەیهێنمەوە. شیعرەکە لە چەند سەرچاوەدا تۆمار کراوە و من لە لاپەڕە ٦٢٢ ی کتێبی "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان- بوکان" ی نەمر ئیبراهیم ئەفخەمیم وەرگرتووە:

### خەرقەیێکم هەیە

| | |
|---|---|
| خەرقەیێکم هەیە ڕەفیقی سەفەر | ماهوتی خاسی شاری 'مەنچەستەر' |
| خدمەت و میننەتی ئەوەن زۆرن | نادرێ شەرحی ئەو بە سەد دەفتەر |
| بەخوسووس لەم زەمانی هیجرەتدا | شەو لە جێی لێفە، ڕۆژ لە جێی بوستەر |
| جار بەجار موتتەکا و سەرینی منە، | ڕایدەخەم من لە کێو و دەشت ودەر |
| ڕوو لە مەجلیس دەکەم عەبای شانە، | وەختی باران و بەفر، دەبێتە سوپەر |
| وەختی نوێژ ڕایدەخەم لە جێی بەرماڵ | مەوریدی ویردی حەزرەتی داوەر |
| ڕۆژێ لێم هاتە حیددەت و شیددەت | کوتی: "ئەی بێخەبەر لە نەفع و زەرەر! |
| من کە بدڕێم ئەتۆ دەبی قاتڵ | غافڵی تۆ لە حاڵی خۆت یەکسەر |
| چاری بەرماڵی نوێژ بکە بۆخۆت | تا نەجاتم ببێ لە ڕەنج و کەدەر" |
| کوتم: "ئەی یاری هەمدەم و گیانی! | خۆت دەزانی کە نیمە سیم و زەڕ |
| کەس بە خۆڕایی شت بە کەس نادا | بە خوسووس بە غەریبی خانە بەدەر" |
| کوتی: "تۆ شاعیری بە شۆرەتی، خەلق | وەکوو زانیومە پێت دەڵێن زێوەر |
| یەک قەسیدە بنووسە بۆ زاتێ | خواستی بەرماڵ بکە بە نەزمی دوڕەر" |
| کوتم: "ئەی خەرقە کۆنی هەرجایی! | ئابڕووی من دەبەی وەکوو سواڵکەر" |
| کوتی: "من پێت دەڵێم بنووسە لە کوێ | جوابی خۆش وەرگری بە فەتح و زەفەر |
| وەک دەڵێن ئاغەواتی دێموکری | ساحیبی بەخششن، نیانە لەچەر" |
| کوتم: "ئەو ئاغەواتە ناناسم | پێم دەڵێن سائیلێکە بێ سەروبەر" |
| کوتی: "شێخێ لە 'کۆکە' زۆر کۆکە | ساحێبی جووت و ماڵ و مڵك و مەڕ" |
| کوتم: "ئەو شێخە گەرچی ناناسم | وادەزانم نەکاتە نامە نەزەر" |
| کوتی: "ئاغای 'قەڕاڵی' چۆنە لەلات؟ | هەردوو دیندارن و عیبادەتوەر" |
| کوتم: "ئەو ئاغەواتە دەروێشن، | شێخ شناسن، لەگەڵ مەلا بە کەدەر" |
| کوتی: "ئێلخانی حاجییە و سەردار | ساحێبی ناو و شەئن و شەوکەت و فەڕ |
| ئەنجەبی خانەدانی کوردستان | ئەڕشەدی تائیفەی هونەرپەروەر |
| لەو تەڵەب کە، مەچۆرە لای هیچ کەس | باغی فیکرت لەوانە دێتە سەمەر" |
| کوتم: "ئەی هەرزەگۆیی هەرجایی! | ئەی حەماقەت مەئابی بێ سەر وبەر! |
| زاتی ئەو، ڕەخش بەخشە، ساحێبی خوان | 'فەزل' و یەحیا' لە قاپیا نۆکەر |
| زۆر لە لام نەقسە لەو تەڵەب کەم، کەم | ئەغلەبی خوارە، سەتری بێ مەستەر" |
| کوتی: "ئەی ئاغەواتی دەوری سەقز؟ | ساحێبی جوودن و هونەرپەروەر" |

"ماڵی ئەو تاقمە"، کوتم "وەققە    بۆ غیاث و شەریف و شەهد و شەکەر"*
کوتی: "ئایا 'ئەمیرتومان' چۆنە؟"    کوتم: "ئەی حیلەبازی ئەفسوونگەر!
هیممەتی ئەو، کچە و کچیش بۆ من    زۆر مەحاڵە، غەریبم و بێ پەڕ"
کوتی: "سا، حاجی بابەشێخ چاکە،    سەییدە و عالمە و کەریم سیەر"
کوتم: "ئەو مەردە، فەردە لەم چەرخە    من لە ڕاست ئەو خەجاڵەتم یەکسەر
دەفعەیەک بۆ زیارەتی کە نەچووم،    چۆن بنووسم، بکەومە بەحس و خەبەر؟"
کوتی: "زاتێ هەیە، خوجەستە سیفات،    عاسمان پایە و بڵیند ئەختەر
کامی هەرکەس ڕەوا دەبێ لای ئەو    نووری 'زەنبیل' ە سەیید و سەروەر
سوبحی گوڵشەن، سیفاتی ئەهلی بەهار،    یا هەناسەی نەسیمی وەختی سەحەر،
هەروەکوو خوڵقی ئەو فەرەح بەخشە    هەروەکوو فیکری ئەو عەبیرئاوەر
مەرکەزی دائیرەی فەزایل و جوود    لە سەمای عیلم و حیلمە ئەو میحوەر
دەرکی ئەو مەرجەعی خەواس و عەوام    بۆ فەقیران و بێ نەوایە پەدەر
خزری ڕاهی موورادی گومگەشتە،    سەددی ڕێی زوڵم ئەکا وەک ئەسکەندەر
نەسلی پاکی 'بەتوول' و 'شێری خودا'،    زوهدی 'بووبەکر' ییە، بە وەرعی 'عومەر'"
کە ئەمانەم لە خەرقە بیست' فەورەن    کوتم: "ئەی ئافەرین ڕەفیقی سەفەر!
هیممەتی سەییدە کە هاتیە زمان    لە کەراماتی بووی بە دانیشوەر
من نە دەروێشم و نە پیر و مورید    ڕەنگە نوێژیش نەکەم لە وەختی سەحەر
بەشی من هیچ نەمایەوە ئیللا    کە دۆعای بۆ بکەم بە سۆزی جگەر
من بە 'بەرماڵ' ی خۆم بگەم، بەسمە    بۆ سەوارییش، ئەگەر ببێ یەک 'کەر'!"
تەواو

چەند وورده سەرنج سەبارەت بە شیعرەکە:
١. هەندێک ناو لە شیعرەکەدا هاتوون کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە کێن. لەوانە، شێخی کۆکە و دوو ئاغای گوندی قەڕەڵی و.... سپاسی خوێنەران دەکەم ئەگەر لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەوە زانیاریی خۆیانم بۆ بنووسن با لە بابەتەکەی زیاد بکەم.
٢. کۆتایی شێعرەکە بە شێوەیەکە ناکرێت لێی دڵنیا بی شاعیر دوابڕیاری چییە و دەیەوێت داواکارییەکە ئاراستەی کێ بکات.هەر لەم پەیوەندییەدا، من لەوە دڵنیا نیم کە گەڵۆ حاجی ئێلخانی هەمان عەبدولڕەحمان بەگی فەیزوڵڵابەگی یە یا حاجی محەممەدئاغای ئێلخانی لە دێبوکرییەکان- کە بە حاجی ئێلخانی دەناسرا. نەمر ئەفخەمی لە بۆچوونەکانیدا هەمیشە لایەنگر بوو و دوور نییە بەهۆی دژایەتی بنەماڵەی ئێلخانی زادەکانەوە شێعرەکەی بردبێتەوە سەر عەبدولڕەحمان بەگی فەیزوڵڵابەگی، گەرچی لەبۆچوونەکەی خۆم زۆریش دڵنیا نیم.
بە گوێرەی ناوەرۆکی شێعرەکە، شاعیر دوای ئەوەی ناوی زۆر کەس دەهێنێت و یەک لەوان حاجی ئێلخانی، بەڵام هەموویان، هەرکام لەبەر هۆیەک، دەداتە دواوە و لە کۆتاییدا دەچێتە سەر سەیدی زەنبیل (حاجی سەید عەبدولحەکیم)؛ دەڵێی لە سەر ئەوە ساغ دەبێتەوە کە داواکارییەکەی ئاراستەی ئەو بکات. بەم پێیە، دوور نییە بەرگۆی شیعرەکە سەیدی زەنبیل بێت، بە تایبەت کە سەبارەت بە حاجی ئێلخانی دەڵێ: "زۆر لە لام نەقسە لەو تەڵەب کەم، کەم".
بۆ ئەم خاڵەش خوازیاری بۆچوونی خوێنەرانم.
*. بە ناوەرۆکی فەردەکەدا لام وایە دەبێ *ئەناث و ئەنیس* بێت نەک *غیاث و شەریف*